# جارێکی تر پاریس ڕاپەری






## ئەردەڵان عەبدوڵڵا

گەر ووڵاتێکی وەکوو ئەمەریکا هەمووکات بەمەڵبەندی چەتەگەری و ئیمپریالیزمی جیهانی ناسرابێت، ئەوا فەرەنسا لەپاش شۆرشە مەزنەکەیەوە ، بەووڵاتی شۆرش ومانگرتن ناسراوە . شۆرشگێری ئەم گەلە تەنها لە هۆشیاریە چینیەکەیەوە سەر هەڵدەگرێت . هەموو کات چینە کرێکارو زەحمەتکێش وهەژارەکانی فەرەنسا ، زۆر چالاکانە بەرگریان لەماڤەکانی خۆیانیان کردووە. ئەمڕۆ سەرمایەداری ئەوروپی بۆتە دڕندەیەکی خوێناوی ،رۆژانە پەلاماری ژیانی چینی کرێکاران دەدات . دەیانەوێت بە خراپترین و پیسترین شێوە ، چینی کرێکاران بچەوسێننەوە . ئەمرۆ هەموو حکومەتە بۆرجوازیەکانی ئەوروپا ، کەهەمیشە لەخزمەتی سەرمایەدار بوون و دژی چینی کرێکاران بوون، چەندین سیاساتی تەقەشف و کەمکردنەوەی بیمەی بێکاری ونەهێشتنی خزمەتە گوزاریە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکانیان گرتۆتە بەر . ئەم سیاساتانەش هەموو لەخزمەتی سەرمایەدارانی ئەوروپادایە . ئەمرۆ دەیانەوێت ( ماڤی بێکاری و یارمەتی تەندروستی و دەرکردنی کرێکاران و پشووی ساڵانەو جەژنانە) نەهێڵن . لەهەمووی ترسناک تر دەرکردنی کرێکارانە بەبێ قەیدوشەرت . کەئەمە گوزرێکی ئێجگار کوشندە لە کرێکاران دەدات . حکومەتی فەرەنسا سیاسەتێکی نوێی داناوە، کە خاوەن کار بۆی هەیە ئەو کرێکارەی کە تەمەنی لەژێر 26 ساڵە ، تەنها عەقدی دووساڵی کاتی بۆ بکات . واتە خاوەن کار بۆی هەیە پاش دووساڵ کرێکارەکە دەربکات . واتە لەجیاتی ئەوەی عەقدی هەمیشەیی بۆ بکات ، عەقدێکی کاتی دووساڵەی بۆ دەکات . کە ئەمەش لەبەرژەوەندی سەرمایەدارانە ، کرێکارانیش گەورەترین زەرەرمەندن . دیارە ئەم سیاسەتە پێشتر لە ئەڵمانیا بە سەر کرێکاراندا سەپێنرا. لێ کرێکارانی فەرەنسا ناهێڵن سەرمایەداران ئەم سیاسەتە چەپەڵەیان بەسەردا بسەپێنن .هەربۆیە ماوەی هەفتەیەکە خوێندکاران و کرێکارانی فەرەنسا مانگرتنێکی گەورەیان ئەنجام داوە.دوێنی زیاتر لە 1 ملیۆن کەس لە پاریس ڕژانە ناوشەقامەکانەوە. شەروپێکدادانێکی زۆریش لەگەڵ پۆلیسدا رووی دا . تەنها لەپاریس 7 پۆلیس بریندار بوون و لەخۆپیشاندەرانیش ژمارەی برینداربوان گەیشتە 17 کەس . دیارە لە زۆر شوێنی تری فەرەنساش شەڕوپێکدادان لەگەڵ پۆلیسدا ڕوویداوە .بەپێی راگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ 52 کەس بریندار بوون، لە پۆلیس 34 و لە خۆپیشاندەرانیش 18 کەس بریندار بوون *.




ئەوەی جێگای سەرنجە ، هەتا دێت خۆپیشاندان ومانگرتنەکان لەجیهاندا ، توندتر وخوێناوی تر دەبن . دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو زوولّم وناعەدالەتیە زۆرەیە ، کە ئەمڕۆ لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا ، لەتەواوی جیهاندا بەرقەرارە.

هەر شەکاوەبێت ئاڵای سووری کۆمۆنیزم .

www.zdf.de *